# بوخچەیەک لە بەرائەت

سەباحەت تاهیر



ئەو کچێک بوو لە گزینگ
بیٚ پرسی خۆر ,
سەری  بەمالٚان دەکردوو,
چراکان لە تەریقیا دەتوانەوە
ئەو کچێک بوو لە گزینک
کت و مت لە حیکایەت دەچوو
لێوەکانی , گولٚیان لیٚ دەباری
ددانەکانی مرواری
خۆر لە  سەر قژی نیشتبوو
مانگ لە کولٚمەی
کە ریٚ ی دەکرد
کانی زیوو و رووباری زێڕینی
لە شۆستەکە جیٚ دەهێشت و
رەیحانەو بنەوشە لە قژی دەباری
ئەو کچێک بوو لە گزینگ
کە بالٚق بوو
بالٚەکانی بەرائەت هەلٚنەوەرین
هەر دەتگووت کۆرپە خودایەکەی باوەشی مریەمە
لێوی لە گەلٚ خودا قسان دەکات
ئەو کچێک بوو لە گزینگ
کت و مت لە خەیالٚ دەچوو
سالٚ دوانزەی مانگ
کورەکان , لە تاکە پێلاٚوە یاقوتیەکەی

دەگەڕان

سەررەنگۆی سحر دەبوون

ئەو کچێک بوو لە گزینگ

رۆژێک هات ,

وەک قەدەر سەفەری کرد

بووخچەیەک بەرائەت وجلی ئاوریشمی

لە تاقی ژوورەکەی چاند

بە نیازی گەڕانەوە

ئەو کچێک بوو لە گزینگ

کت و مت لە حەقیقەت دەچوو

سەفەریشی کردبوو,

لە پوونگ و ریحانەو

دارهەناری کۆیە,تەماشای هەمووmانی دەکرد

ئەو کچیٚ بوو لە گزینگ

لە عەیامی شەڕ ون بوو

ئاگر بەستیش نەهاتەوە

ئەو کچێک بوو لە گزینگ

لەو سەفەرەی نەهاتەوە

من نازانم

گەر وەک سێبەر دەگەڕیٚ و

یان بە تەنیا لە دامێنی کورسیەک دەمریٚ

**2005**

کەنەدا